# فۆبیای ئازادی ، فۆبیای رەخنە!!

## لە پەراوێزی قسەکانی کمال کەرکوکی

ibrahimhwssain@hotmail.com

20.6.06

دەسەلاتە حیزبیەکانی کوردستان باکیان لەوە نیە کە کاتیک باسی ئەزموونی دەسەلاتداریتی خۆیان دەکەن، بە نمونەی دەسەلاتێکی دیموکرات وکراوەو ئازاد گوزارشتی لێ دەکەن وزۆرجار لەوەش زیاتر پێی لێ رادەکێشن و لە سەرشاشەی تەلەفیزیۆنەکان وەک نمونەیەک باسی دەکەن کە دەبی خەلکانی تر وەک نونەی دیموکراسیەت چاوی لێ بکەن و پەیرەوی لێ بکەن!!بەلام ئەفسووس ئەوە تەنیا پروپاگەندەیەکی سیاسیە کە بۆ مەسرەفێکی سیاسی دیاریکراو رۆژانە دەخریتەبازارەوە،نەک ئەوەی نەریتیکی سیاسی و جیددی و رەگ و ریشە داکوتاوبێ لە ستراکتەرو کولتوری سیاسی ئەو هێزانەدا!! لە بەرامبەر هەر رەخنەو دەنگێکی جیددی نارازی ناو کۆمەلگادا،پەتی تەحەمولی دیموکراسیەتەکەیان دەپچکرێ و زەمزەمەونەشئەی تۆتالیتیریزم و دیکتاتۆریەت هەموو دەنگەکانی تر، هەموو رەنگ و غەریزەو پێوەرە شارستانی وتۆلێرانسەکانی تر کپ دەکاو رایدەمالێ!! ئەوەتا کمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە گفتوگۆیەکی خۆیدا لەگەل( هەولیر پۆست)هەموو ئەو نووسەرو روناکبیرو کەسایەتیە نارازیانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نووسین وهەلوێستەکانی خۆیاندا، دەسەلاتە گەندەلەکانی حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان رەخنە دەکەن، بەکەسانی گومانلیکراو لە قەلەم دەدا کە بەپێی قسەی ئەو دەستێکی دەرەکی دەیانجوولێنێ وئارەستەیان دەکا.

بێ گومان هەلوێست ومامەلەی لەوجۆرە هەلویست مامەلەیەک نیە کە زادەی هەلچونیکی ساتەوەختی ئەو بەرێزەبن، بەلکو درێژکراوەو زادەی کلتورو نەریتێکی سیاسین کە ترس لە رەخنەی ئازادو جیددی و لە بیرورای ئازادو لە هیزی رەخنەگری ناو کۆمەلگای تا ئاستی فۆبیایەکی گەورەوتۆقێنەر لە هەلسو کەوتی سیاسی خۆی دا گەشە پێداوە.هەموو دەسەلات رژێمە تۆتالیتیرەکان بەبێ جیاوازی لە و فۆبیایەدا دەژین، لە فۆبیای فراراوان بوونەوەی پانتایەکانی ئازادی وبەرین بوونەوەی مەوداکانی کلتوری رەخنە لە دەسەلات و خەیال وفانتازیە وهەمیەکانی دەسەلات دا دەژین.

هەر ئەم ترسانە لە ئازادی و رەخنە و بیرورای جیاوازیە کە وای کردووە دەسەلاتە گەندەلەکانی ئەمرۆی کوردستان ، لە جیاتی گرتنەبەری لۆژیکێکی مەدەنی لە بەرامبەر رەخنە وبیرورای ئازادو قبول کردنی رەوایی داواکاری و خواستەکانی کۆمەلگا بۆ ژیان وچارەنووسێکی باشتر ، مافە سادەو سەرەتاییە کانی کۆمەلگاو جەماوەری خەلک لە نارەزایەتی و خیپیشاندان، مافی نووسەران و روناکبیرانی نارازی بۆ رەخنە گرتن و رەتکردنەوەی دەسەلات و رەفتارەکانی تا رادەی مەترسی هاوشانی دوژمن و دەستی دەرەکی گەورە بکاتەوە و لە بەرامبەریان دا زمانی چەک وهەرەشە وزیندان بخاتە کار!! هەر ئەم ترس وفۆبیایەیە کە ئەو دەسەلات وهێزانەی گەیاندۆتە رۆژگارێک کە نارەزایەتی خەلک لەسەر دابین کردنی ئاوو کارەباش بدەنە بەردەست دەست رێژوگوللە ونووسەران و روناکبیران لەسەر رەخنەکردنی گەندەلی ئەودەسەلاتانە بکێشنە ناو دادگا نارەواکانی خۆیانەوە!

له هەڵەبجەوە تا ئاکرێ و له سید سادق ورانیەوە تا کەلار، له کمالی سید قادرو کێشەکەیەوە بیگرە تا دەگا به هەموو ئەو نووسەرو ڕووناکبیرو نارازیانەی تر که بەشێوەی جۆراوجۆر دەکەونه بەر هێرش وپەلامارەکانی دەسەلات چ بەشێوەی گاڵتەجاری دادگاو یاساو چ بەشێوەی پەلاماری چەکدارانەو به زمانی چەک، ڕاستیەک که دەردەکەوێ و به هێزەوە خۆیمان نیشان دەدا ئەوەیەکه دەسەلاتەکانی ئەمڕۆی کوردستان، تا ئەوەی دەسەلاتیک بن ئایندەی خۆیان له فراوان بوونەوەی پانتاییەکانی ئازادی و بەرین بوونەوەی مەوداو بوارەکانی دەخالەت و دەست هەبوون له دیاری کردنی چارەنووسی کۆمەڵگا بۆ خەلک ببینێتەوە،بە پێچەوانەوە له فۆبیاو ترس و دلەراوکێی ئەوەدا دەژێ که نەکا خەلک بتوانن فرسەتی ئەوەیان هەبێ که له بەرامبەر نا عەدالەتی و بێ مافیەکان دا بێنە دەنگ و بیانەوێ به پێی خواست وئارەزووەکانی خۆیان ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگا ئاڕاستە بکەن و تابۆ و حەلال و حەرامەکانی دەسەلاتداران بەلاوە بنێن و بیانەوێ چارەنووسی خۆیان به دەستەوە بگرن، له فۆبیای ئەوەدا دەژین نەکا ئازادی و کرانەوەی بوارەکانی گوزارشت له خۆکردن ئەوەندە بەرین وبەر بلاو ببن که هاولاتیان ئیتر نەتوانن ئەوە قبوول بکەن که دەسەلاتداران وەک مێگەل هەلسوکەوت له گەل ماف و ئازدی و شکۆی مرۆڤانەیان بکەن و کۆمەلگا بخەسێنن!!

بەلام لەوە واوەتر بەرێز کمال کرکوکی که نەیاران و ڕەخنەگرانی خۆی به دوژمن و گومان لێکراو تاوانبار دەکا، ناشێ لەوە بێ ئاگابێ که ئەمڕۆ زۆرینەی کۆمەلگای کوردستان به ژن وپیاوەوە، له پیرەژنێکی کورو مێرد ئنفال کراوەوە بیگرە تا دەگا به پیرە پیاوی پاشماوەی کیمیاباران وئەنفال، له مامۆستاو کرێکارو کامرمەندەوە بیگرە هەتا دەگا به به لێشاوی جەماوەری بێکاری ولات، هەر لەو گەنجانەوە که ڕۆژگارەکانی بێ هیوایی و بی ئومیدی خۆیان له سایەی ئەو دەسەلاتە دا بەسەر دەبەن تا دەگا بەو ژنانەی که لەو هەلو مەجەدا له ژێر سایەی دنیایەک نا یەکسانی و بێ مافی دا، چرای ئومێدەکانیان به ڕزگاربوون له کۆنەرپەرەستی وپیاوسالاری دەکوژێتەوە، بەرەیەکی گەورەی نارازی، دەنگیکی گەورەی ڕەخنەگری کۆمەلایەتی پێک دێنن که ناشێ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەوە ولاتە که خۆی بەدەم ڕاست ونوێنەری ئەوان دەزانێ ، هەستی پێ نەکرد بێ ولێی بێ ئاگابێ!! بەم پێیە ئەگەریش تۆمەتبار کردنی کۆمڵێک ڕووناکبیرو نوسەربۆ ئەو دەسەلاتە کارێکی کردەنی بێتە بەرچاو، ئەوا وەسف کردنی هاوارو داوای تەواوی کۆمەلگایەک و هەزاران ئینسانی شەریف وسادەدڵ بۆژیان و بۆ دابین بوونی پێداویستە سەرەتاییەکانی ژیان و ماف و ئازادیە سەرەتایی و بنەرەتیەکانیان و دەرهێنانی ئیماکانات و سەروەت و سامانی کۆمەلگا له بازاری دزی و به تالان و برۆبردنی دەسەلاتێکی گەندەل، به گومان لێکراو ودەسیسە ی ئەم و ئەو هیچی تر نیه جگە له ڕاگەیاندنی دوژمانیەتێکی کوێرانەو ڕاگەیاندنی شەڕێکی پێش وەخت له دژی ماف وئازادیە سەرەتایی و بنەرەتیەکانی خەڵک..!! سەیر لەوەدایە ئەو هێزانەی که برێز کمال کەرکوکی خەلک و نارازیان و ڕەخنەگرانیان پێ دترسێنێ هەمان ئەو هێزانەن که دۆست وهاوکاری ئەو بەرێزانەن له بیناکردنوەی عێراقی عروبی و ئیسلامی ودەولەتەکانی تری ناوچەکەن کەرۆژێک له ڕۆژان ئەو بەرێزانە نێوان وپەیوەندی خۆیان به هۆی دان نەنانیان به هیچ کام له مافە کانی خەلکی کوردستان بۆ بریاردان لەسەر چارەنووسی خۆی لەگەلیان تێک نەداوە!!

لێرەوە ئیتر قسەیەک لەسەر نەفەسی هێزو دەسەلاتی دیموکرات(دیموکرات و دەسەلاتی مۆدێرن وتۆلێرانس له ئارادا نامێنێ و نەفەسی دیکاتاتۆریەتەسەرەرۆ ورەهاکان و نەشئەی هێزی تۆتالیتێرو ئارەزووە ناسراوەکانی سەرکوت و داپلۆسین ، به زمانی خۆیان و بەدەربڕین وشێوازە تایبەتەکانی خۆیان دێنە گۆ. بەو جۆرە دەردەکەوێ که گەمە ی تەلەفیزیۆن وڕادیۆ و ڕۆژنامەی حیزبە دەسەلاتدارەکان سەبارەت بەبەرقەرار بوونی ئازادی یان وەک خۆین دەڵێن دیموکراسی ، ڕووی دووەمی ئەو واقیعەن که تیایدا هەڵەبجەو ئاکرێ و کەلارەکان دەخولقێنرێن ودادگاو

زیندان بۆ دەنگە نارازی ڕەخنەگرەکان هەڵدەخرێن و کۆمەڵگا بەرەسمی و بە ئاشکرا لەسەر دەستی دەسەلاتێکی حیزبی گەندەڵ و مفتەخۆر دووچاری پرۆسەی خەساندن و کپ کردن و بێ دەنگ کردن دەبێتەوە.

بەڵام واەوتر لەو فۆبیایە کە دەسەلات وحیزبە دسەلاتدارەکانی کوردستان تیا دەژین، بە پانتایی کۆمەڵگای کوردستان خواست ئارەزووی گۆران و کارانەوەیەکی گەورە، ئارەزووی رزگاربوون لەدەسلاتی گەندەلی ئەو هێزانەو خواستی کۆتایی پێ هێنانی تالان برۆی ئەو دەسەلاتانە بە سەروەت و سامانی کۆمەلەڵگاو کۆتایی پێ هێنانی دەست گرتنیان بەسەر ئیرادەو چارەنووسی سیاسی کۆمەلگا،لە گەورە بوون و بالا کردندایە!! کۆمەلگاو جەماوەری خەلکی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئالوگۆرانە ریگایە کی تریان لەبەردەم دا نیە جگە لەوەی کە بەوێنەی جووڵانەوەیەکی جەماوەری گەورە ڕیزەکانی خۆیان لە دەوری ئەو خواستانە ولە رێکخراوی جۆراوجۆرو لە شێوازی جۆراوجۆردا رێک خەن !!